# یەککگرتنەوەی ئیدارەکان: داکوتینی ئاوە بە دیواردا

بەختیار کەریم



"دەبێت هەموو کەس پێشوازیی لەو ڕاستییە بکات کە دژایەتی قازانج و چێژی هیچ کەس ناکات."
دوا دێڕی لیڤیاسان "تۆماس هۆبز"

جێگەی قێزهاتنەوەیە کاتێک هۆبز کتێبەکەی، ئەو کتێبەی هێشتا ئینجیلی یان ئەگەر بوێرم بڵێم قورئانی مرۆڤی بەرژەوەندیخواز و خۆپەرستە، بەو دێڕەی سەرەوە تەواودەکات. هەروەک چۆن بۆ مرۆڤەکانی نێو ئەشکەوتەکەی پلاتۆ و بۆ خودی پلاتۆ گرنگ نەبوو کە بۆچی ئەو مرۆڤانە بەردەوامییان بە عەشقی خۆیان دەدا بۆ درۆ، چاوبەست و هەڵخەڵەتاندن و بە ڕاستیی دەهری دەبوون، هاوشێوە بۆ هۆبزیش گرنگ نەبوو کە لە بێباکیی مرۆڤ لە هەمبەر ڕاستیی بڕوانێت، بەڵکو بە ئاسودەییەوە پێشوازیی لەو ڕاستییە دەکرد کە زیان بە بەرژەوەندیی هیچ "کەس" ناگەیەنێت. ئەو ڕاستییانەی بواری گشتیی بەرهەمیان دەهێنێت جیاوازن لەو ڕاستییانەی زانست و بوارەکانی دیکەی لێکۆڵینەوە بەرهەمیان دەهێنن، هاوکاتیش ئەو ڕاستییانەی بواری گشتیی جیاکردنەوەیان لە درۆ و چابەست لە ئەستەمەوە نزیکە و بەردەوام کەرەستەی لەبارن بۆ بەکارهێنان لەلایەن دەسەڵاتەوە بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی، پاشان وەک هۆبز ئامۆژگارییمان دەکات دەبێت پێشوازییان لێبکەین چونکە زیان بە بەرژەدەنیی کەسێک نەگەیشتوە. کەسێک کێیە؟ هەر کەسێک یان کەسێکی دیاریکراو؟ پێدەچێت کەسێک ئەو کەسە بێت کە ڕۆژنامە و میدیاکان گرنگیی بە زیانەکانی دەدەن و هەمووومان دەهێننە گریان بۆ ئەو کەسە کەساسەی زیانی پێگەیشتوە. هاوکات کەسێک پێناچێت ئەو کەسە بێت کە لە تاریکترین زینداندا، لە ئاکرێ یان قەڵاچوالان، لەژێر ئەشکەنجەدا ئیفلیج دەکرێت. دەسەڵات نەک تەنها گەورەترین زیان بەو ڕاستییانە دەگەیەنێت کە هزری مرۆڤ لە پرۆسەیەکی بەردەوامدا بەرهەمیان دەهێنێت بەڵکو جۆرێکی تر لە ڕاستیی بەرهەم دەهێنێت کە لە خزمەتی مانەوەی خۆیدا بێت. دەشێت ئەمە زادەی ئەوەبێت کە ڕاستیی بە هەموو جۆرەکانییەوە لە بنەڕەتدا لاوازە و دەسەڵاتیش لە بنەڕەتدا بەبێ چاوبەست و هەڵخەڵەتاندن هەڵناکات. ئەوەی لێرەدا جێگەی بایەخی ئەم نووسینەیە ئەو گەمەی درۆ و چاوبەستەیە کە ساڵانێکە وەک وەڵامی داوای خەڵکی کوردستان بۆ یەککگرتنەوەی ئیدارەکان درێژەی هەیە، ئەو ئیدارانەی کە وشەی شارەوانیی پڕ بە پێستیەتی نەک حکومەت. پاشان لەو دەرهاویشتانە دەڕوانین کە یەکنەگرتنەوەی ئیدارەکان بەرهەمی دێنن، یەکنەگرتنەوەیەک کە لە ئەگەرەوە هەنگاوی بەرەو حەتمیەت ناوە.

یەکنەگرتنەوە زیان بە ڕاستیی دەگەیەنێت، زیان بە بوون و ژیانی زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی کوردستان دەگەیەنێت، ئەوانەی کە دوو ئیدارەیی و دەسەڵاتی ڕەهای حیزب بەرژەوەندیی و ئاسایشیان دەخاتە مەترسیەوە

دیوێکی ئەو ڕاستییانەن کە ئێستا لە گۆڕێن. بەڵام لە لایەکی ترەوە یەکگرتنەوەش زیانبەخشە، زیان بەو بەرپرسە قوڕبەسەرانە دەگەیەنێت کە پانزە ساڵە بەوپەڕیی دەستپاکییەوە، بەڕۆحێکی کوردانەوە چەتەیی دەکەن و جگە لە چەند ملیۆنێک دۆلاری خەوتو هیچیان نیە، لەپاش یەکگرتنەوە زۆرێک لەم بەرپرسانە پۆستەکانیان لەدەست دەدەن و ڕووبەڕووی برسێتی و هەژاریی دەبنەوە. ئەم دوو دیوە جیاوازەی ڕاستیی هاوسەنگ نین بەڵام دەبێت لایەک باڵادەست بێت، گومانم نیە لەوەی تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامە زۆر سەربەخۆکان پێکدادانی ئەم دوو جۆرە لە ڕاستیی یەکلایی دەکەنەوە و وەک هەمیشە ئەو بەرپرسانەی برسێتی هەڕەشە لە ژیانیان دەکات سەرکەوتو دەبن، ئێمەش بەو دەهۆڵ و زوڕنایەی بەشێکی گرنگیان لە ژیانمان پێکهێناوە دەڕژێینە سەرشەقامەکان و هەڵدەپەڕیین و دەڵێین بژی ڕاستیی، هەڵدەخەینەوە و دەڵێین بژی کورد و کوردستان بژی ڕاستیی و دادپەروەریی. گەلۆ ویژدانی کێ ڕێگەدەدات زیان بە بەرژەوەندیی ئەو بەرپرسانە بگات کە بۆ پەیداکردنی قووتی ژیان پارووی دەمی منداڵی ئەنفالکراوەکان دەدزن؟

باس لە یەکگرتنەوەی ئیدارەکان شتێکی تازەنیە، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو ئەم بابەتە بۆتە خولیا و خەونێک بۆ مرۆڤی کورد کە ڕەنگبێت پێشنیارکردنی یەکنەگرتنەوە بە توندی ڕەتبکەنەوە، وەلێ لای سەکردایەتی کورد ئەم پرسە لە خوارەوەی ئەجێنداکانیدایە. تا هەنووکە و تا ئەو جێگایەی من ئاگاداربم کەس پێشنیارێکی لەو جۆرەی نەکردوە، بەڵام لەکاتێکدا کە یەکنەگرتنەوەی ئیدارەکان تادێت وەک ئەمری واقیع خۆی دەسەپێنێت چما ئێمە بەردەوام پێ لەسەر شتێک دادەگرین کە هاتنەدی لە ئێستادا ئەستەمە و هەوڵدانی ئێمە وەک داکوتینی ئاوە بە دیواردا؟ بێگومان هەوڵی سەکردایەتیی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار، ئەو سەرکردایەتییەی تا قوڕقوڕاگەیان لە قوڕاوی گەندەڵییدا نغرۆیە، ئەو هاندەرە یەکلاکەرەوەیە کە لە پشت یەکنەگرتنەوەوە ئامادەگی هەیە، لە ئەنجامدا ئێمە لە هاوار و پاڕانەوەکانماندا بۆ یەکگرتنەوە جگە لە نووسانی دەنگمان چی دیکەمان بۆ نامێنێتەوە. بێگومان ئەم نووسینە پێشنیاری ئەوە ناکات کە دوو ئیدارەکە یەکنەگرنەوە بەڵکو هەوڵێکە بۆ تێڕامان لەو ئەگەرانەی لە پشت یەکنەگرتنەوە چاوەڕوانمان دەکەن، ئەمەش پاش ئەوەی دڵنیابووین لەوەی کە پرسی یەکگرتنەوە کەمترین خەمی لای سەرکردایەتی سیاسی کورد دروستکردوە.

یەکێک لەو کێشانەی مرۆڤ لە تێڕامانیدا بۆ پرسە سیاسیەکان بەدەستیەوە دەناڵێنێت کورتی و لەدەستدانی یادەوەرییە، شتێک کە پێی دەڵێن ئەمنیزیا (Amnesia)، ئێمە ڕووداوەکانی ساڵانی بەر لە شەڕی خۆکوژیمان بەتەواوی لەبیرکردوە، لەبیرمان نیە کە بەر لە شەڕ یەکگرتوویی ئیدارەکان هۆکاری سەرەکیی ئەو بونبەستە بوو کە ژیانی مرۆڤی کوردی کردبووە دۆزەخ، ئێمە لەبیرمان چۆتەوە کە لە یەک وەزارەتدا وەزیر و جێگرەکەی ئیمزای یەکدیان نەدەخوێندەوە و لە پەرلەماندا پەنجا بە پەنجا هۆکاری نەبوونی پرسیار، پرۆژە و وتووێژ بوو. لێرەدا ناکرێت بیر لە یەکگرتنەوە بکەینەوە بەبێ یاد هێنانەوەی ئەو کۆمیدیا سیاسیانەی بەر لە شەڕ تووشی دۆشدامانیان کردین و زۆرمان هەموو ئومێدێکمان لەدەستدا و ڕوومان لە ئەوروپای و ئەمریکای "خەون و بەختیاریی" کرد، ئەوانەش کە مانەوە نەیانتوانی هەمان سەفەر بکەن، دەنا ئێستا دانیشتوانی کوردستان بریتی دەبوو لە ئەندامانی گەندەڵی سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی. ناکرێت بیر لە یەکگرتنەوە بکەینەوە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی پەرلەمان بۆتە مۆتێلێک بۆ سەرخەو شکاندن زیاتر وەک لە ماڵێک بۆ گفتوگۆ و بڕیار لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکان. ناکرێت قسە لەسەر یەکگرتنەوە بکەین بەبێ ئەوەی لایەک لەو ڕاستییە شەرمهێنە نەکەینەوە کە دادوەرانی کوردستانی کردۆتە لێبوکێکی سەماکەر بەدەستی حیزبەوە. کاتێک ئەم دۆخانەمان پشتگوێ خست یەکگرتنەوە هیچ نابێت جگە لە خەونی مرۆڤێکی ناشیونالیستی گومڕا کە لەپاش وەئاگاهاتنەوە لەو کابوسە خۆزگە بە کفن دزی سەردەمی دوو ئیدارەیی دەخوازێت.

ڕەنگە ئەو پرسیارەی لای خوێنەر دروست دەبێت ئەوە بێت، کە ئەگەر دوو حیزبی دەسەڵاتدار نەیانەوێت ئیدارەکانیان یەکبگرنەوە چی دەبێت؟ ئەگەر ئەو سەکردانەی ئەو دۆخە چەقبەستوەی ئێستا لە بەرژەوەندییاندایە، پێکهێنانی حکومەتی عێراق و ناوبژیوانیی کردنی شیعەو سوننەیان لا گرنگتر بێت لە گوێگرتن لە داوای دەنگدەرانی کورد، دەبێت چی بکرێت؟ بێگومان چەندین پرسیاری دیکە کە هەوڵدان بۆ

وەڵامدانەوەیان هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت، چونکە ئەو سەرکردانە ئامادەنین گوێبگرن و ئەگەر ڕۆژنامەنووسێکیش خۆی فسقەڵ کرد و بەناوی هەموومانەوە ئەو پرسیارەی لێکردن پەنا بۆ درۆ و چاوبەست دەبەن زیاتر وەک لە گووتنی ڕاستییەکان. چەند ساڵێکە ئەم دوو حیزبە دەڵێن کێشەی تەکنیکی هەیە و پێویستیان بە کات هەیە، لەو چەند ساڵەدا هەمان درۆ و پۆزش دووبارە و دەبارە دەکەنەوە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەوان ناخوازن یەکبگرنەوە و هێندەش بوێرنین ڕووبەڕووی ڕاستیی ببنەوە.
دەرچوون لەم تەنگژەیە هەرچیەک بێت لە بەرژەوەندیی ئەو هاوولاتیانەی کوردستان نیە کە خەمی سەرەکییان بۆتە دابینکردنی کارەبا و سوتەمەنی، لە بەرژەوەندیی ئەو گەنجانە نیە کە لە هەژاریدا ژیان دەگوزەرێنن و سەرکردەکانیش وەک ئەوەی لە هەسارەیەکی دیکە بن ژیانیان بەراورد ناکرێت بە ژیانی زۆرینەی خەڵکی کورستان. یەکگرتنەوە و یەکنەگرتنەوەی ئیدارەکان لە بەرژەوەندی ئەو دوو حیزبەدایە کە دوابڕیاریان لە دەستە، بێگومان ئەگەر کوردستان وێران بووە ئەوان ئامادەنین بەرژەوەندییەکانی خۆیان بکەنە قوربانی هیچ شتێک. چ شەرمێکە بۆ سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی کە ئامادەن یاری بە چارەنووسی گەلێک بکەن و بیکەنە پاشکۆی بەرژەوەندیی ئەو دەستەبژێرەی لە دزی زیاتر سەرقاڵی هیچی تر نیە؟ چ ڕووڕەشیەکە بۆ ئەو ئەندامانەی پەرلەمان کە ئامادە نین ڕێز لە داوای ئەو کەسانە بگرن کە ئەوانی وەک نوێنەری خۆیان هەڵبژاردوە و وەک مریشکی نەخۆش بەردەوام سەریان بۆ فەرمانەکانی سەرۆک دەلەقێنن؟
کاتێک ئیرادەیەک لە گۆڕێ نیە بۆ گۆڕان بەڵکو سیاسی و ڕۆشنبیر هەوڵی کارا دەدەن بۆ بەردەوامی ئەو دۆخەی گیرفانیان پڕ دەکات لە دۆلار، هیچ هیوایەک بۆ یەکگرتنەوەی ئیدارەکان نامێنێتەوە بەدەر لەوەی خودی ئەم یەکگرتنەوەیە ڕووبەڕووی ئایندەیەکی نادیارمان دەکاتەوە. ئەگەر ئیدارەکان یەکبگرنەوە فیستیڤاڵەکان کەم دەبنەوە، ئەو فیستیڤاڵانەی خەڵاتی نەزانیی دەبەخشنەوە و مەعریفە بەرهەمناهێنن. سەرسوڕهێنەرە هەر لەو ڕۆژانەدا کە فیستیڤاڵی مەستورە بەڕێوەدەچوو لە هەولێر چەند ژنێک خۆیان سوتاند، بەڵام ئامادەبوانی فیستیڤاڵ دەستوپەنجەی نەزانینیان لەگەڵ چەمکی لە خۆیان قەبەتر نەرمدەکرد و چاویان لەو ڕاستییە دەپۆشی کە وەک هاوڕێکەم لە هەولێرەوە دەڵێت بە ئەستەم لەسەر شەقامەکانی هەولێردا ژن بەدی دەکرێت. وەلێ سەرسوڕهێنەریش نیە چونکێ ئەوانەی ئامادەی ڤیسیڤاڵ بوون تینووی ئەو دۆلارە دزراوەن کە لە کۆتایی فیستیڤاڵەکاندا دەبەشرێتەوە، دەشێت ئەمە بەڵگەیەکی باش بێت بۆ ئەو بۆچوونەی هۆبز کە مرۆڤ بە بەرژەوەندیخواز و خودپەرست لەقەڵەم دەدات. کاتێک هیچ کەس لەوانەی لە پێگەی دەسەڵاتدان ئیرادە و خواستی یەکخستنەوەی ئیدارەکانیان نەبێت، ناچار دەبین لە چارەسەرێکی دیکە بگەڕێین. ئێستا لە کوردستان پەرلەمانێک و دوو حکومەت و دوو سیستەمی دادوەرییمان هەیە کە هەر یەک لەمانە لەژێر کۆنترۆڵی تەواوی حیزبدان، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانییش دەستکەلا و پاشکۆی ئەو حیزبانەن، لێرەوە چی دەبێت ئەگەر ئەو دوو حکومەتە ناوی خۆیان بگۆڕن بۆ شارەوانی و حکومەتێک دروست بکەن کە هاوشێوەی پەرلەمان ئیفلیج و وەکی دادوەران پاشکۆ و چون ڕاگەیاندن بێپرسیار بێت؟ ئەوکاتە هەموو شتێک لەو سەرزەمینەی ئێمەدا ساختە دەبێت: خەندەی سەرکردەکان ساختە دەبێت وەک لەو وێنەیەی سەرەوەدا دیارە، پەرلەمان، حکومەت و ڕاگەیاندن ساختە دەبن، بەڵام هەڵپەرکێی بەردەوام و فیستیڤاڵی نەپساوە ڕاستەقینە دەبن.
یەکگرتنەوەی ئیدارەکان وێڕای ئەوەی خواستی زۆرینەی دانیشتوانی کوردستانە لەڕووی ستراتیژیەوە زۆر گرنگە، بەڵام پێناچێت پێشبینیی کردنی ئەوەی کە ئەم ئیدارانە یەکناگرنەوە هەڵەبێت. لێرەوە دەکرێت یەکنەگرتنەوەی ئیدارەکان وەک درێژەدان و دۆزینەوەی شەرعییەت بۆ ئەو دۆخەی ئێستا ببینین، هەروەها ئەو سەرکردایەتییەی بڕوای بە دیمۆکراسی نیە گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی یەکگرتنەوەی ئیدارەکان دووبارەبوونەوەی ئەو کارەساتانەیە کە ئەوان بەرهەمهێنی بوون. بۆ ئێمەش یەکنەگرتنەوە درێژەدانە بەو نادادیی و گەندەڵییەی هەموومانی سەرقاڵ و شەرمەزار و سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی سەرمەست و دڵخۆش کردوە.